بەبێ بوونی حزبی سیاسی ئەستەمە ژیانی سیاسی بەجۆرێك ڕێكبخرێت كە زۆرترین بەشداری خەڵك لە بواری سیاسیدا مسۆگەر بكات....تاد

كۆرپە دەق: لە راستیدا هیچ دیمۆكراسییەتێك نییە بەبێ بوونی حزبە سیاسییەكان. دیمۆكراسییەت لە شێوازی بەڕێوەبردنیدا چییە جگەلە ململانێ لەنێوان چەند حزبێكی جیاوازدا كە بە بەرنامەو پڕۆگرامی سیاسی جیاوازەوە، دەچنە ناو گەمەی هەڵبژاردنەوە.... چونكە وەك چۆن ئامێرێكی یەكجار گرنگی ژیانی سیاسی مۆدێرنە، هەروەها دەتوانێت ئامێرێكی ترسناكی لەناوبردنی ژیانی سیاسی راستەقینە بێت...

ئەنجامە دەق : لێرەوە هەركاتێك باسی حزبو پێویستی بۆ ژیانی سیاسی ئەكەین، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت كە ترسناكترین نەخۆشییە سیاسییە كوشندەكان لە رێگەی حزبەوە دروستئەبنو لە رێگەی حزبیشەوە بڵاوئەبنەوە.... بە كورتی حزب وەك چۆن رەگەزێكی گرنگی هەموو سیتمێكی دیمۆكراتییە هەرواش رەگەزێكی ترسناكی لەناوبردنی هەموو ئەگەرێكی دیمۆكراسییە... "

لە هەریەكێك لەو دەقانەی وەرگیراوە خوێنەر پێویستی بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەری رۆژنامە یان نووسەر نییە، چونكە نووسەر دەیەوێت لە رێگەی زانیارییەكانییەوە پەیوەست بە رێساكانی هاوكاریكردن واتای وتارەكە بگەیەنێت.

بەڵام لە گۆشەیەكی وەك (چاوی خوێنەر) ناونیشانە دەقی "بۆری شكاوو مافی ژنان"كە لە ژمارەی ١٩٧ رۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوكراوەتەوە، خوێنەر پێویستی بە زانینی دەوروبەرە بۆ تێگەیشتن لە رایەڵی نێوان بۆری شكاوو مافی ژن، چونكە نووسەر لایداوە لە مەرجەكانی گرایس بە تایبەت مەرجی چۆنێتیو چەندێتی.

خەسڵەتی توانای رەتكردنەوە لە وتاردا وەك پڕۆسەی گفتوگۆكردن یان ئاخاوتن نییە كە تێیدا دەوروبەری فیزیكی رۆڵی كارا دەبینێت، بەڵكو پەیوەستە بە بیروبۆچوونو باوەڕی دینیو حیزبی ن/ر\خ، ئەگەر هەردوو سەرە یەكباوەڕ بن ئەوا توانای رەتكردنەوەی دەربڕاو یان دەقەكە لاواز دەبێت، بەڵام ئەگەر دژ بن ئەوا خوێنەر لێكدانەوەی بۆ دەقەكە بە پێچەوانەی مەبەستی ن/ر- ەو توانای رەتكردنەوەكە بەهێز دەبێت.

توانای رەتكردنەوە لە دەقو دەربڕاوی وتاردا، بۆ دیكۆدكردنو توانای تێگەشتنی خوێنەر دەگەڕێتەوە، چونكە ن/ر پشت بە بیرو دیدگاو هەستیو ئایدۆلۆژییەتی خۆی بابەتەكە گوزارشتدەكات، نەك پشتبەستن بە بەڵگەو دۆكیۆمێنت.

٢٠- من دەپرسم ئایا دەكرێت كەسێك راژەی هێندەی تەمەنی بەهارێكی نیشتمان بۆ حكومەت كردبێتو ئیدی هەموو ساڵانی ساڵان بە پلەی تایبەت خانەنشین بكرێت؟

یەكێك لەو فۆرمانەی كە واتای بەخشكەیی دێنێتەبەرهەم فۆرمی پرسیارییە، لێرەدا وتارنووس ناخوازێت زانیارییەك لە وەرگر داوابكات، بەڵكو مەبەستێتی ئەوە بگەیەنێت كە هەرگیز ناكرێت كەسێك ئەوەندەی وەرزی بەهارێك - كە میتافۆرەو رووی لێكچواندنی بە (كەم) لەنێوان وەرزوو تەمەندا وەرگیراوەو بە لادان لە هەردوو مەرجی چۆنێتیو چەندێتییەوە بەرهەمهاتووە-، خزمەتی نیشتمانی كردبێت كەچی بەقەد هەموو تەمەنی حكومەت خزمەت بەو بكاتەوە.

32- Jef Verschueren: [1999: 20]

********* د. هۆگر مەحمود فەرەج لە نامەی دوکتۆراکەیدا کە تایبەتە بە ( نیشانە پڕاگماتیکییەکان لە زمانی کوردیدا) بە وردی باسی لەم نیشانانە کردووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لاپەڕەکانی [ ٣١-٧ ] ، هەروەها بۆ زانیاری دەربارەی نیشانەی شوێنی بڕوانە Yule: [2000: 9]

********* ئەو کاتەی ن/ر بابەتەکەی تێدا دەنوسێت، جیاوازە لەو کاتەی بە خوێنەر دەگات ئەمەش خاڵی بەراوردکاری پڕۆسەی نوسینو ئاخاوتنە، چونکە لە پڕۆسەی ئاخاوتندا قسەکەرو گوێگر رووبەڕوو گفتوگۆدەکەن پەیامەکان یەکلەدوای یەك بەیەکتر دەگات، لەبەرئەوە کات وەك نیشانەی پڕاگماتیك لە پڕۆسەی ئاخاوتندا زیندووە، ( بڕوانە : Jef Verschueren, [ 2003: 37-39] )

٣٣- هۆگر مەحمود فەرەج: گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: [١٩: ٢٠٠٧: ١٢١-١٤٢ ]

34- Levinson: [1997: 58]

## کورتەی لێکۆڵینەوە


پڕاگماتیك بەشێکە لە زانستی زمان، کە پەیوەست بە دەوروبەر، مەبەستو واتای نێرەر بە وەرگر دەگات. لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە تایبەتە بە پڕاگماتیکی نووسین نەك ئاخاوتن، دەوروبەرەکان جیاواز لە دەرخستنی مەبەستە پڕاگماتیکییەکان رۆڵدەبینن، بۆیە نووسەر یان رۆژنامەنووس لەگەڵ خوێنەر بە پشتبەستن بە کۆزانیاری دووسەرە دەتوانن کردەی لێکگەشتن لە مەبەستە پڕاگماتیکییەکاندا دەستەبەربکەن، هەروەك لەم بەشەدا هەوڵدراوە هەندێك لە مەبەستە پڕاگماتیکییەکان لە وتاردا شیبکرێتەوەو لەمەشەوە خوێنەر ئاشنا بە پێناسەی زمانی رۆژنامە لە ڕووی واتای پڕاگماتیکییەوە بکات.


## ملخص


**التداولية فرع من علم اللغة، وهي مرتبطة بالسياق تبين مقصدية المرسل ومراده، في هذا دراسة الخاصة بتداولية النص المكتوب غير منطوق- يظهر السياق مختلفا عن مقصدية التداولية- لهذا ان كاتب والقارء مستعنين بخلفيتيهما المعرفية يستطيعان توفير عملية التفاهم في مقاصد التداولية، كما حاولنا تحليلها في المقالة، واردنا من خلال هذه الدراسة ان يطلع القارء على كيفية ادراك وفهم تعريف لغة الصحافة.**


## Abstract


Pragmatics is a branch of linguistics in which meaning is analyzed based on context. This paper, which tackles the pragmatics of written text rather than utterance, assume that context of a written text is different from those of an utterance, which is why the writer as well as the reader rely on multi-knowledge to communicated pragmatics meaning.

The paper also aims at acquainting the reader with the concept and the definition of " Language of Journalism" through analyzing pragmatic meaning in some newspaper article.